
# لەسەر مێزی دیجیتالی  قاوەش بخۆوە و سەیری سایتیش بکە

مێزی هۆشمەندی دیجیتالی ماوەیەکی لەمێژ نییە شوێنی خۆی لەناو جیهانی ئامێرە دیجیتالییەکاندا گرتووە، مێزی سمارتی دیجیتالی لە شێوەی مێزێکی بچووك دەچێت کە دەکرێت هەم وەك مێز سوودی لێوەربگری و هەم ئەرکەکانی کۆمپیۆتەر وەك کردنەوەی ئینتەرنێت، گەمە کردن، کردنەوەی پرۆگرامەکان و تەنانەت دیزاین و نەخشەسازیشی پێ ئەنجام بدەی. لەم دواییەدا مێزێکی هۆشمەند بەناوی Platform 46 coffee چێکراوە، کە پێکهاتووە لە شاشەیەکی 46 ئینجی و گشت یارییەکان، پرۆگرامە گرنگەکان لەو مێزەدا هەن. ئەو مێزە زۆر هەستیارە و دەکرێت لە یەك کاتدا لە 60 لاوە کاری لەسەر بکرێت، واتە ئەگەر 5 کەسیش وێکڕا و بە دە پەنجە کاری لەسەر بکەن وەڵامدەرەوەی هەموویان دەبێت. شاشەی مێزەکە زۆر لە شووشەیەکی زۆر بەهێز چێکراوە، کە بە ئاو تێکناچێت و ئەگەر لەکاتی کارکردندا قاوە و چایشی بەسەردا بڕژێ هیچ تێك ناچێت. کۆمپیوتەرە مێزەکە رامەکەی 16 گیگابایتە و هاردەکەی 500 گیگابایتە، لەو مێزەدا دوایین سیستەمی بەگەڕخەری ئەندرۆیدی تێدایە و دەکرێت سیستەمی ویندۆز8یشی بخرێتە سەر.






## مۆبایل لە خزمەت تەندروستیدا

بەرهەمهێنەرانی تەکنەلۆژیای نوێ هەستیان بەو مەترسییە کردووە کە تەکنەلۆژیا لەگەڵ خاڵە باش و بەهێزەکانی بۆتە مەترسییەکیش لەسەر ژیانی مرۆڤ لە ئایندەدا، چونکە تەکنەلۆژیا وای کردووە مرۆڤ بەرەو تەمبەڵی و حەسانەوەی جەستە بڕوات کە ئەمەش کورد گوتەنی هەزار و یەك نەخۆشی بە دواوە، سستی و جوڵە نەکردن سەرچاوەی گشت نەخۆشییەکانە، لە سەرووی هەموویان قەڵەوی و کێش زیاد بوون. هەربۆیە بەرهەمهێنەرانی تەکنەلۆژیای نوێ هەوڵ دەدەن هەر بە تەکنەلۆژیا ئەم مەترسییە بڕەوێننەوە، مۆبایلە هۆشمەندەکان لە داهاتوودا ئەم ئەرکە بەئەستۆ دەگرن. لەم دواییەدا  هەوڵ دراوە ئامێرێکی لاوەکی بۆ مۆبایلی ئایفۆن بەرهەم بێت بەناوی Wello کە لە راستیدا کاوەرێکە و مۆبایلەکەی تێ دەخرێت. کاوەرەکە تەنکە و کێشەیەك بۆ بارستایی مۆبایلەکە چێ ناکات، بەڵام ئەو هەستەوەرانەی لەو کاوەرەدا هەن دەتوانن هەموو دەم زەختی خوێن، لێدانی دڵ، گەرمی جەستە و رێژەی ئۆکسیژێن لە خوێندا بپێوین. ئەگەر کێشەیەك لەوانەدا هەبێت بە جەرەس خاوەنەکەی ئاگادار بکەنەوە.




# شەحنكەرەوە و قایشی ئۆتۆمبێل

شەحنكردنەوەی مۆبایل و ئامێرە ئەلكترۆنییەكان بەراست ئەوەندەش گرنگ نییە كە كۆمپانیاكان هەر رۆژە بەرهەمێكی نوێ و شەحنكەرەوەیەكی تایبەتی بەرهەم دێنن، بەتایبەتی لە ئۆتۆمبێلدا، چونكە تەنانەت ئۆتۆمبێلە هەرە كۆنەكانیش شوێنی تایبەتیان هەیە بۆ شەحنكردنەوەی ئامێرە ئەلكترۆنییەكان، ئۆتۆمبێلە نوێیەكان هەر زۆر تایبەتمەندی دیكەی لەو بوارەیاندا هەیە. هەرچەندە لەم دواییەدا شەحنكەرەوەیەك بەرهەم هاتووە كە لە قایشی ئۆتۆمبێل دەخرێت و شوێنی USB تێدایە بۆ شەحنكردنەوەی مۆبایل و تەبلێت و كامێرا و ئامێرەكانی دیكە..

# مۆبایلێكی سمارت كامێراكەی گەیشتە ٥٠ میگاپیكسل



ركابەری لەنێوان كۆمپانیاكانی بەرهەمهێنی مۆبایلە سمارتەكان هەروا گەرمە، هەركام هەوڵ دەدەن توانایی و خزمەتگوزاری نوێتر بخەنە ناو مۆبایلەكانیان بۆ ئەوەی كە لە ركابەرییەكەدا یەكەم بن. لەم دواییەدا كۆمپانیای Oppo كە ناوێكی نامۆیە و زۆریش ئاشنا نییە بڕیاری داوە مۆبایلێك بەناوی oppo find7 بخاتە ناو بازاڕەوە كە كامێراكەی كوالیتی وێنەگرتنەكەی بگاتە 50 میگاپیكسل كە ئەمەش بۆ مۆبایل رێژەیەكی خەیاڵییە. كامێراكە شاشەكەی 5.5 ئینجە بە كوالیتی نیشاندانی QHD كە ئەمەش وا دەكات لە مەیدانەكەدا یەكەم بێت، هەرچەندە هەتا ئێستا ئەم مۆبایلە لە چوارچێوەی بیرۆكە دایە و بەشێوەیەكی رەسمی نەخراوەتە بازاڕەوە.




# تەنیا بە یەک گرتە دەقێک وەربگێڕە

لە سەردەمێکدا دەگوترا مرۆڤ چەندە زمان بزانێ ئەوەندە مرۆڤەیە، بەڵام لەم چەند ساڵەی دواییدا بە سوود وەر گرتن لە تەکنەلۆژیای نوێ ئەم پەندە باوی نەماوە، چونکە دەتوانی ئەوەی مەبەستتە بە زمانی مەبەست لەیەك چرکەدا وەربگێڕی. ئەوانەی بۆ یەکجاریش هێڵی ئەنتەرنێتیان بەکار هێنابێ دەزانن سایتی گوگڵ چ گرنگییەکی هەیە، یەکێك لەو گرنگیانە وەر گێڕانە بەو زمانەی مەبەستتە، بەداخەوە زمانی کوردی لە ریزی ئەو زمانانە دا نییە کە بتهەوێ لە زمانێکی دیکە وەر گێڕانی پێبکەی، چەندین پرۆ گرامیش بۆ ئەو مەبەستە بەرهەم هاتوون، یەکێك لەو پرۆ گرامانە پرۆ گرامی Ace Translator ە، بەهۆی ئەو پرۆ گرامەوە بە ئاسانی دەتوانیت ئەو دەقانەی کە مەبەستتانە بە 53 زمان وەربگێڕدرێ، کارکردن بەو زمانە زۆر ئاسانە و هەر ئەوەندە بەسە ئەوکاتەی هێڵی ئەنتەرنێتت هەیە دەقەکە هەڵبژێری و بەهۆی کرداری کۆپی و پێستەوە، دەقەکە بخەیە ناو ئەو بۆکسەی کە بۆی داندراوە، دواتر فەرمانی Translate دابگری و دوای چەند چرکەیەك دەقەکەی بەو زمانەی مەبەستتە وەربگری.




# هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک



خوێنەرێکی بەرێز دەپرسێت، کێشەیەکم بۆ هاتۆتە پێش، دەقێکم هەیە کە ژمارەی تێدایە لە هەندێك جێگا ژمارەکە بە ئینگلیزیە و لە هەندێکی دیکەدا ژمارەکان بە عەرەبییە، بەڵام کاتێك بە پرۆگرامی WORD دەینووسم ژمارەکان هەمووی بە ئینگلیزییە، کە دەیکەم بە عەرەبییش ئەمجارە ژمارەکان هەمووی دەبنە عەرەبی چ بکەم بۆ ئەوەی کە هەم بە ئینگلیزی و هەم بە عەرەبی ژمارە بنووسم؟
خوێنەری بەرێز لە پرۆگرامی word دا جا هەر ڤێرژنێك بێت (2003,2007,2013) دەبێت فەرمانی option بدۆزیەوە کە لە بەشی tools دایە. لەودا ئەو فەرمانە دەدۆزیەوە Complex Script و دواتر بەشی normal دا فەرمانی CONTEXT دابگرە، ئێستاکە کاتێك دەقێك بە کوردی دەنووسی، ژمارەکان بە کوردین و کاتێکیش بە ئینگلیزی دەنووسی ژمارەکان دەبنە ئینگلیزی واتە کیبۆردەکە بکەی بە زمانێك ژمارەکان بەو زمانە دەبن.

# لاپتۆپ جێگەی ئامێرەکانی گەمەکردنیش دەگرێتەوە



لاپتۆپ بە واتایەکی دیکە بڵێین کۆمپیوتەری گەڕۆك و جانتایی، هەر زوو شوێنی بە کۆمپیوتەری سەرمێز لەق کرد و دەکرێت بڵێین تارادەیەك لە مەیدانەکە دووری خستەوە، بەڵام ئایا لاپتۆپ دەتوانێت شوێنی ئامێرەکانی دیکەی گەمەکردن وەك plystyshion, xobox, PSP بگرێتەوە، ماوەیەکە کۆمپانیای MSI بە داهێنانی لاپتۆپە بەمێژەکانی خەریکە ئەو بوارەش تاقی بکاتەوە.

کۆمپانیای ناوبراو لەم ماوەیەدا نۆتی بۆکی GS60 Ghost proی بەرهەم هێنا، کە شاشەکەی 15.6 ئینجە و کوالیتی پیشاندانی لە جۆری K3یە. کێشی لاپتۆپەکە تەنیا 2.2 کیلۆ گرامە، ئەم لاپتۆپە پرۆسەسەری جۆری Core i7 هەیە. ماردەکەی لە جۆری SSDیە و هەروەها کیبۆردەکەی لە کاتای ستیلە کە بەکارهێنەرەکەی دەتوانێت بە ویستی خۆی رەنگی روناکی دوگمەکانی بگۆڕێ.

# ئەیسوٚس و کاتژمێرێکی سمارتی تایبەت

لە جیهانی دیجیتالی نوێدا، لەگەڵ بوونی ئەو گشت کۆمپانیا مەزنانەی کە چالاکیان لە بواری بەرهەمهێنانی ئامێری تەکنەلۆژی نوێ تەرخان کردووە، لە حەقیقەتدا رکابەرییەکە دژوار دەبێت، هەر کۆمپانیایەك دەبێت داهێنانەکانی ئەو تایبەتمەندییانەیان تێدابێت کە لە کۆمپانیا رکەبەرەکەیدا نەبێت بۆ ئەوەی کە ماوەیەك بازاڕەکە بۆ خۆی قۆرخ بکات. بەدوای داهێنانی کاتژمێرە هۆشمەند واتەسمارتەکان لەلایەن ئەپل و سامسۆنگەوە، ئێستا زۆر کۆمپانیای دیکەش لەم بوارەدا هەوڵی خۆیان داوە، یەکێك لەو کۆمپانیایانە کۆمپانیای ASUSە ئەم کۆمپانیایە لەمێژ ساڵە چالاکی لە بواری بەرهەمهێنانی کۆمپیوتەری سەرمێز و لاپتۆپدا هەیە، لەم دواییەشدا هەوڵیداوە کاتژمێرێکی هۆشمەند بەرهەم بێنێ بەهەندێك تایبەتمەندی جیاواز لە کۆمپانیاکانی دیکە، وەك: بوونی شاشەیەکی روون و شەفافی شووشەیی، دیزاینێکی سەرنج راکێش و هەروەها لە هەمووی گرنگتر ئەنجامدانی فەرمانەکان بە دەنگی بەکارهێنەرەکەی وەك ئەوەی کە کاتژمێر چەندە؟ کورتەپەیامەکەم بۆ بخوێنەوە، چ ئیمێلێکم بۆ هاتووە. جگە لەوەش دەکرێت نە تەنیا بە دەنگ بەڵکو تەنیا بە ئاماژەدان فەرمانەکان جێبەجێ بکات.

# لەم سایتەدا بە ئیمێل فیلم و داتا قورسەکان بەڕێ کەن



رەنگە گەلێك جاران تووشی ئەو گرفتە ببن کاتێك کە فیلم یان داتایەکی قەوارە زۆر بە ئیمێلی یاهوو یان بە جیمێلی گوگڵ بەڕێ دەکەن تووشی گرفت دەبن چونکە چ یاهوو چ گوگل خزمەتگوزاری ئیمێلەکەیان توانای ئەوەیان نییە کە داتایەکی قورس بەڕێ بکەن، لەکاتێکی وادا چارە چییە؟ چۆن بکرێت کە بۆ نموونە فیلمێکی دوو گیگابایتی بۆ دۆستێك بە ئیمل بەڕێ بکەین؟

سایتی kicksend.com ئەم سایتەیە کە دەکرێت لە رێگای ئیمێلەکەتەوە فایل و داتای قورس بەبێ سنوور بەڕێ بکەی. کاتێك سەرێك لەم سایتە دەدەی ئیملێك دەکەیەوە بە ئاسانی دەکرێت فایلەکان لەو سایتەدا ئەپلۆد بکەی و بەڕێی بکەی.